ژماره ١١
ئاداری ٢٠٠٨

# مەینۆشین لای کچان

## بەدواداچوونێکە لەسەر ئەو کچانەی حەز لەخواردنەوە دەکەن

ریپۆرتاژی: شێروان نەجمەددین ـ هەولێر



بۆ خۆدزینەوە لە واقیع و دورکەوتنەوە لە ئازار چونە ناو دونیایەکی دی کە هەمیشە چاوەڕێمان دەکات، زۆربەی گەنجان و لاوان پەنا دەبەنەبەر بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان، مێر مندالانیش بە لاسایی کردنەوەی گەورەکان ئەوانیش بێ بەش نین لە بەکار هێنانی مادە هۆشبەرەکان، خواردنەوەی مەی لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا مەی زۆر بە زەقی گەشەیکردوە، ئەم دیاریدەیەش هێندە بۆتە ئاسایی باوك بەبەرچاوی مندالەکانی یان برا بەبەر چاوی خوشك و دایکی دەخواتەوە، ئەمەش بۆتە هۆکارێکی گەورە، ئینجا کۆمەلگا بەهەردوو رەگەزەکەیەوە چاوەڕێی چێژی مەی خواردنەوە بکەن، کچانیش شان بەشانی کوران وێڵ و سەرگەردانی پێکێك مەیین بۆ دوور کەوتنەوە لە خەم و ئازارو ناخۆشیەکان بە ئاواتی چێژتنی ساتەکانی بێدەنگین، بە ئاواتی تاقیکردنەوەی ئەم ئەزمونەی کورانن، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە ریپۆرتاژیکمان کردووە لەگەڵ ئەو گەنجانەی کە ویستویانە مەی تاقیبکەنەوە یان ئەوانەی تاقیانکردۆتەوە.

### مێردی پوورم فێری خواردنەوەی کردم

(لانیا) کچە خویندکارێکی کۆلیژە تەمەنی ٢٣ سالە لەمالی پوری دەژی، لەمالی خۆیان ڕێگەیان نەداوە بچێتە بەشە ناوخۆیی و دەلێ: "من پێش ئەوەی بچمە کۆلیژ قەت بەخەیالم نەدەهات ڕۆژانێکی وا سەیر چاوەڕێم بکات، ڕۆژیك دابێ من پێکێك مەی بخۆمەوە، زۆرجار کە خەمم دەبوو لەمالەوە جگەرەیەکم لەباوکم دەبرد، دەچووم لە گەرماوی مالەوە بەدزی دەمکێشا، بەلام کە ناوم لە کۆلیژ گەراوە، لە دەرەوەی شاری خۆم ناچاربوم لە مالی پورم بژیم، مێردی پورم هەموو شەوێك دەیخواردەوە من زۆر پێم سەیر بوو، زۆر ڕقم لە مێردی پورم دەبۆوە، ڕۆژیکیان کچە پورەکەم کە هاو تەمەنم بوو پێیگوتم: باوکم سەرخۆش دەبێ و دەخەوێ منیش دەچم پاش ماوەکەی ئەو دەخۆمەوە، جا پێیگوتم: سێ پیك بخۆوە سەرخۆش دەبی، بۆیە منی فێرکرد هەموو شەوێك بە یەکەوە کە مێردی پورم دەخەوت ئێمەش دەمانخواردەوە، بەلام ئێستا وازم لێهێناوە زۆر پەشیمانم زۆر ناخۆشە من زۆرجار بەلێنمداوە وازی لێبێنم، بەلام کچەپورەکەم نەیدەهێشت، ئەو کورێکی خۆش دەویست جا هەموو شەوێك بەیادی ئەو دەیخواردەوە، چونکە کورەکە چەند جار هاتبووە خوازبێنی، باوکی ڕازی نەدەبوو".

### حەزدەکەم بۆ جارێکیش بێت قومێك بخۆمەوە

(روئیا) کچێکی چاو سەوزە ڕەنگی دەم و چاوی مەیلەو گەنمیە قژێکی درێژی مەیلەو خەنەیی هەیەو دەلێت: "من زۆرجار بیر دەکەمەوە دەلێم دەبێ مەی خواردنەوە چی لە مرۆڤ بکات، بۆگەنج و لاوو پیرەکان حەز بە خواردنەوەی مەی دەکەن، زۆر جار هەولمداوە برادەرێکی کور پەیداکەم باوەری پێ بکەم، ڕێز لە قسەکانم بگرێ، بەلام بەداخەوە کوری ئەم زەمانە جێگەی باوەر نیە، مانای برادەرایەتی نازانن، تاوەکو بتوانم پێی بلێم بۆجارێکیش بێت

قومیك مەیـم بۆ بهێنێ، بەڵام بەداخـەوە رۆژێکیان منو کچە ئامۆزایەکـم چووینە سـوپەرمارکێتیك خاوەنەکەی کورێکـی زۆر جـوانو ناسـك بـوو، هەر حـەزت دەکرد قسـەی لەگـەڵ بکەی من تەماشـای ناو سـاردکەرەوەکەم دەکرد کۆمەڵێك قوتوم دیت زۆربەیان ببسـی وجۆرەکانی تربـوون، بەڵام هەندێك قوتوی ترم نەدەناسـی منیش بە پێکەنینەوە گوتمە کورەکە ئەمانە مەشـروبن، کورەکەش گوتی: نەخێر بـەس ئەگەر حەزدەکەی رۆژێکی تر وەرەوە هەردووکتـان داوەت دەکەم بە مەشـروب، حـەزم دەکرد، بەڵام زۆر دەترسـام، گوتم: نا سوپاس هەر بۆ خۆشی ئەم پرسـیارەم کرد، من زۆر حـەز دەکـەم بۆجارێکیش بێت قومێك بخۆمەوە".

## دەمەوێت مێرد بەکورێك بکەم مەی بخواتەوە!

(لەیـلا) خوێندکاری پۆلی شەشـەمی ئامادەییەو سـاڵی دووەمیەتـیو دەڵێت:" ئـاوات دەخوازم مـێرد بە کورێك بکەم کە مەی بخواتـەوەو رێگە بە منیش بدات کە لەگەڵی بخۆمەوەو دابنیشـم تا کەمێك لەو کەشو هەوا ئەورووپیە ببینم، پورم لە سـوید گەرایەوە ماوەیەك لای ئێمە بوو بە سـەردان هاتبۆوە، زۆر باسـی مەی خوارنەوەی بۆ دەکردم باسـی خۆی دەکـرد دەیگوت: مـن هەموو شـەوێك مەی دەخۆمەوەو هەموو جۆرەکانیشـم تاقی کردۆتەوە، زۆر بە تامو چێـژی بۆی دەگێرامەوە، لـەو رۆژە من حەزم چۆتە خواردنەوەی مەی، قسەکانی پورم قەت لەیاد ناچێ زۆر بە سەیری باسی دەکرد دەیگوت دونیا دەبێتە هی تۆ کە چەند پێکێك لە مەی نۆش بکەی، منیش بە هیوام یەك رۆژ ئەو دونیایە ببێتە هی من".

## ئەم هەڵایە چیە کۆمەڵگا لەسەر مەی دروستیکردووە؟

(دەریا) کچێکی باڵابەرزو قژێکی رەشی خاوی هەیە، دوو سـاڵە پەیمانگای تەواو کردووە، ئێستا لەماڵەوە دانیشتووە دەڵێت:"هەرگیـز حەزم بە خواردنـەوەی مەی نەکردبوو ئەوەی باسیشی بکردایە رقم لێی دەبۆوە، بەڵام ئێستا وەك جـاران نیم زۆر حەز دەکەم باسـی خوارنەوەی مەییم بۆ بکەن، چونکە خواردنەوەی مەی بۆتە پرسیارێکی بێ وەڵام لەلای من، چونکە کە تەماشای زنجیرە دراماکانو فیلمەکان دەکەین جا فیلمێکی بیانی بێت یان درامای کوردی هەموو مەی خواردنەوە نیشـان دەدەن، ئەمانـە بونەتە هۆکارێك کە زۆر کاریان تێکردووم، بۆ ئەوەی حەزم لە خواردنەوەی مەی بێت بزانم ئەو هەڵایە چییە لەسـەر مەی خواردنەوە کۆمەڵگای ئێمە دروستی کردووە".

## زۆر پەشیمانم کە خواردوومەتەوە

(نازەنـین) کچێکی زۆر سـاویلکەو نـەرمو خۆش باوەرە کورێکی خۆش دەویست هەموو جار پیاسـەی دەرەوەیان دەکرد جـار جاریش بە یەکەوە دەیانخواردەوەو دەڵێ:"من کورێکم خۆشدەویست زۆربەی جار تەلەفۆنم بۆی دەکردو سـەرخۆش بوو پـاش ئەو بـە سەرخۆشـی تەلەفۆنی بۆ دەکردم، زۆرجار بەیەکەوە دەچووینە دەرەوە لە شـوێنیکی چۆڵ چەند هەناسـەیەکی ئازادیمان هەڵدەمژی، رۆژێکیان بە سەیارە لەسەر رێگایەکی چۆڵ لایدا راوەستاین دوو قوتو بیرەی لە سـندوقی سـەیارە دەرهێنا، قوتویەکیدا بە منو قوتویەکیـش لە دەسـتی خۆی بوو، پێمگـوت ئەمە چیە؟ گوتـی: بیخـۆوە منیش نەمزانـی قومێکم لێیـدا هەموم فرێداو پێم نەدەخورا، بەڵام هێدی هێدی فێری کردم، بەڵام زۆربەی جار هەردووکمان کۆنترۆڵی خۆمان لە دەسـت دەدا، من هیچ ئاگام لەخۆم نەدەما هەموو جار کە برۆیشـتباینە دەرەوە دەمان خواردەوە، من زۆر زۆر پەشیمانم تکا دەکەم کچان قـەت برادەرایەتی کورانی مەی نۆش نەکەن، ئەوەی یەك جار مەی بخواتەوە پەشیمان دەبێتەوە".



## رێگە بەکچانیش بدەن بخۆنەوە!

(کنـێر) کچێکی بـاڵا مامناوەندیە کچـی ماڵەوەیە، وازی لە خوێندن هێنـاوەو دەڵێت:"حەزم بە خواردنەوەی مەی نیەو نامەوێ بە هیچ جۆرێك برادەرایەتی هیچ کەسـێك بکەم کە مەی بخواتەوە، هەر کچێکیش مەی بخواتەوە ئەوە بێ شـەرمەو وەکو بێ عەقڵێك بیر دەکاتەوە، خۆیان بەبەر چـاوی خەڵك سـوکدەکەن، من ئەگەر خەمێکی زۆریشـم هەبێت، هەرگیز بیر لە خواردنەوەی مەی ناکەمەوە، بەڵام جار جار جگەرە دەکێشم ئەویش بە نهێنی جگەرە کێشان لای من شـتێکی ئاساییە، بەڵام خواردنەوە نـا هیوادارم دایـكو باوکان چـۆن رێگە بە کورەکانیـان دەدەن جگەرە بکێشن ئاوا رێگە بە کچەکانیشیان بدەن".